# تیۆری شوێنپێ و کۆپیکردن لە جوڵاندا

**ایلاف خالد حمەصالح، سەلاح حەویز ڕەسوڵ**

بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان-عێراق.

**پوختە-** لەم توێژینەوەیەدا، باسمان لە چەند بابەتێک کردووە، یەکێک لەو بابەتانە کردەی (جوڵان)ە، چۆمسکی هەر لەسەرەتاوە گرنگییەکی زۆری بەم کردەیە داوە، هێندە گرنگیی پێداوە، کە کردویەتی بە تیۆرێکی سەربەخۆ، کە دەبێتە بنەما بۆ جۆڵەی ئەلفا، بە تایبەتی لە تیۆری (GB ) و (MP)دا گرنگییەکەی دەردەکەوێت. کاتێک، کە کەرەستەکانی ڕستە دەجوڵێن گۆڕانکاری لە ڕستەدا دروستدەبێت. بەڵام ئەم گۆڕانکارییە نابێت ببێتە هۆی گۆڕانی (ئەرک، واتا )ی ڕستەکان. واتە ئەم جوڵاندنە بە پێی ئارەزووی و ویستی قسەکەر نابێت، بەڵکو سنوردارە. کاتێک ، کە ئەم کەرەستانەش دەجوڵێن، دەبنە هۆی سەر هەڵدانی دو تیرۆی زۆر گرنگ، کە ئەوانیش بریتین لە: (تیۆری شوێنپێ)، (تیۆری کۆپیکردن)، واتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دو تیۆرە، کردەی (جوڵان)ە، کاتێک باس لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دەکرێت، هاوبەشییەک بەدیدەکرێت لەگەڵ مینیماڵ پڕۆگرامدا، هاوبەشییەکەش بریتییە: لە (شوێنپێ، کۆپیکردن)، ئەم دو زاراوەیە تاڕادەیەک هاوبەشن، (شوێنپێ) بە جوڵان و گواستنەوەی کەرەستەکان ڕودەدات، ئەم جوڵە پێکردنە بە کەرەستەکان وادەکات شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت. مینیماڵ پڕۆگرام باوەڕی وایە، کەرەستەکە کۆپییەک بەجێدەهێڵێت، کە هاوئاماژەیە لەگەڵ کەرەستە جوڵاوەکەدا، ئەمەش بەسەر کەرەستە جوڵاوەکانیی ڕستەدا جێبەجێدەکرێت. بێگومان لە سەرەتادا تیۆری (شوێنپێ) سەریهەڵداوە، کە هەر ئەم تیۆرەیە، لە (MP)دا بووە بە تیۆری (کۆپیکردن)، کە ئەم تیۆرەش یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکان چونکە تیۆرێکی نوێیە، کە بووەتە هۆی پێشکەوتنی مینیماڵ پڕۆگرام. کارکردنی ئەم توێژینەوە بە زمانێکی سادە و ئاسان نوسراوە، بۆئەوەی خوێنەر بە ئاسانی، لە ناوەڕۆکی بابەتەکان بگات. لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان ئەوەیە، کاتێک توێژەر دەیەوێت توێژینەوەیەک بنوسێت، کار لەسەر بابەتێکی نوێبکات، واتە تا دەتوانێت نوێگەریی لە توێژینەوە بکات، نەوەک لاسایی و تەقلیدی بکات.

**کلیلە ووشەکان-** شوێنپێ، جوڵان، مینیماڵ پڕۆگرام، کۆپیکردن، فۆڕمی لۆجیکی و فۆنەتیکی.

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (تیۆری شوێنپێ و کۆپیکردن لە جوڵاندا )یە. وەک دو تیۆری گرنگ لە بەرهەمهێنانی دروستەی ڕێزمانی لە زماندا.

**هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** کۆپیکردن زاراوەیەکی نوێیە لە زمانی کوردیدا، تاڕادەیەک توێژینەوەیەکی کەمی لەسەرکراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زاری (کوردی ناوەڕاست)دایە، بەڵام لە زمانی (ئینگلیزی)یشدا ڕەنگیداوەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، (ڕێبازی وەسفی شیکاری)مان پەیڕەوکردووە، چونکە کارکردن بە پێی ئەم تیۆرە پێویستیی بە ڕێبازی پەسنیی شیکاریی دەبێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** دیاریکردنی شوێنپێ و کۆپییەکانی ناو ڕستەیە، لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا.

**گرفتی توێژینەوەکە:** تاڕدەیەک توێژینەوەی باش کراوە لەسەر ئەم بابەتە. بە زاری کوردی ناوەڕاست، ئەمە جگە لەوەی، کە زۆربەی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی بوون، وەرگێڕانی ئەم سەرچاوانەش بۆ زمانی کوردی، خۆی لە خۆیدا گرفتێکی دیکەی توێژینەوەکە بووە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، جگە لە پوختە و پێشەکی لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم، لە دو تەوەر پێکهاتووە: یەکەم، جوڵان و تیۆری شوێنپێ، دووەم، (مینیماڵ پڕۆگرام)، بەشی دووەم، لە دو تەوەر پێکهاتووە: یەکەم، تیۆری کۆپیکردن، دووەم، جوڵان لە (MP)دا، لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم

شوێنپێ، جوڵان و تیۆری شوێنپێ، بنەمای کەتیگۆریی بەتاڵ و سەرە، کردەی جوڵان وەک کۆپیکردن و لابردن، (مینیماڵ پڕۆگرام)، سیستەمی کۆمپیوتەری، فەرهەنگ، جوڵان لە (LF)دا.

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 4(2025) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n4y2025.pp82-93
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 18 ايار 2025؛ قُبل في 22 حزيران 2025؛ نُشرت في 7 تشرين الأول 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : elaf.200044080585@gmail.com, salah.hawez@koyauniversity.org
حقوق الطبع والنشر © ایلاف خالد حمەصالح، سەلاح حەویز ڕەسوڵ. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## ــ١: جوڵان و تیۆری شوێنپێ:

### ١ــ١ــ١: شوێنپێ (Trace):

لە تیۆرەکەی پێشوی چۆمسکی و تیۆری (GB)دا، هەندێک لە پێکهێنەکانی ڕستە، لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا، شوێنە بنەڕەتییەکان (بنجیبەکان)ی خۆیان بەجێدەهێڵن و دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێ دیکە. (محەمەد، ٢٠٠٩: ٢٢٨)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شوێنی کەتیگۆرییەکی بەتاڵ بەجێدەهێڵن، لە ئەنجامی گواستنەوەی وەچە پێکهاتەیەک لەهەر شوێنێکدا بێت. (Radford, 1997: 273)، شوێنە بەتاڵەکە لە ئینگلیزیدا پێدەوترێت (trace)، کە لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا (Transfer Grammer) لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا هاتە ئاراوە. (Crystal, 2008: 89)، بە پیتی (t) وەک هێمایەک ئاماژەی بۆ دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی گواستنەوە بەسەر ئاستی قووڵدا جێبەجێدەکرێت، کە ئاستی ڕوکەش بەرهەمدەهێنێت، کە دوا ئاستی ڕستەیە. ئەم شوێنپێیانە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بەدەرناکەون، بەڵکو لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا بەهۆی جوڵاندنی جوڵەی ئەلفاوە (a)وە بەرهەمدێن، کە فرێزی گوازراوە لەگەڵ ئەو شوێنپێیەی، کە بەجێدەهڵێت ڕیزبونێکی دو سەر پێکدەهێنن، کە بەرزەکە (NP)یە و نزمەکەش شوێنپێیە. بۆ ئەم زنجیرەیەش یەک ڕۆڵی سیمانتیکی و یەک دۆخی ڕێزمانی هەیە. (باقر، ٢٠٠٢: ١٧٧)، شوێنە بەتاڵەکە، کە پێیدەوترێ شوێنپێ (t)، چەند مەرجێکیشی هەیە. وەک:


(أ) شوێنپێ حوکمدەکرێت.

(ب) ئاماژە بۆکراوی شوێنپێ ڕۆڵێکی واتایی وەرناگرێت.

(پ) پەیوەندیی شوێنپێ و ئاماژە بۆکراوەکەی، مەرجی هاوسێیەتی ڕازی دەکات. (Chomsky, 1986: 56)، نمونە بۆ شوێنپێ، وەک:

١ــ کتێبەکەم (t) بە چاپ گەیانرا.

هێلکاریی (١): (شوێنپێی بەرکار).




چۆمسکی بۆ شوێنگرتنەوەی شوێنپێ، پێشنیازی بیرۆکەی (copy) دەکات، لەبەرئەوەی پۆلەڕەگەزێکی جوڵاوە لە دوای خۆی کۆپییەک بە جێدەهێڵێت بە مەرجێک لەگەڵ بەستێنەرەکەیدا هاوپێرستبێت. (Chomsky, 1995: 36)، تیۆری

گۆڕانکاری لە ڕستەکەدا ڕوودەدات؟ بەهۆی ئەم گۆڕانکارییەش شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵام مەرجی گواستنەوەی ڕستەکە، ئەوەیە، کە نەبێتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکە، واتای ڕستەکە نەشێوێنێت. ڕستەش لە ئاستی قووڵ بۆ ئەوەی بێتە ئاستی ڕوکەش، بەهۆی جوڵان و یاساوە ئەم گۆڕانکارییە ڕوودەدات.

(copy)، ئەو تیۆرەیە، کە لە مینیماڵ پڕۆگرامدا ئاماژەی بۆ دەکرێت لە بەشی دووەم و سێیەمی توێژینەوەکەدا بە وردی باس لەم بابەتانە دەکەین.

### ١ــ١ــ٢: جوڵان و تیۆری شوێنپێ (Movement and Theory Trace):

جوڵان دەستەواژەیەکە، کە زۆرجار لە چوارچێوەی (Transformation Grammer)دا بەکاردەهێنرێت. ڕێزمانی گوێزانەوە ئاماژە بە جۆرێکی بنەڕەتیی گواستنەوەی کردار دەکات. (Crystal, 2008: 317)، چونکە جوڵان دەبێتە هۆی دروستبونی گۆڕانکاری لە ئاستی ڕوکەشی ڕستەدا، کە ئەمجۆرە جوڵانەش بەشێکە لە گواستنەوەی کردارەکانێک، کە باس لە جوڵان دەکرێت لایەنێکی تێدا بەکاردەهێنرێت، کە پشتگیریکردنی شیکردنەوەی پێکهاتەی برگەکەیە. بۆ نمونە دابەشکردنی کەرەستەیەک ئاماژە بە کۆمەڵێک شوێن دەکات، کە لەوانەیە ئەو کەرەستەیە داگیری بکات. (Newson, 2006, 79)، واتە کاتێک کە کەرەستەکە دەجوڵێت، لە دوای خۆی شوێنپێیەک بەجێدەهێڵێت. بەهۆی بەجێهێشتنی ئەم شوێنپێیەش چۆمسکی بیرۆکەیەکی بەجۆرێکی دی لە تیۆر داهێنا، ئەویش بریتییە: لە تیۆری شوێنپێ (Theory Trace)، چەمکێکە، کە چۆمسکی لە (١٩٥٧)دا لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا ئاماژەی پێکردووە. (Bussman, 1998: 1210)، هەر لەگەڵ ئەم چەمکەدا ئاماژەی بە چەمکی (Move a) کردووە، کە (a) ئاماژە بەهەر بابەتێکی پێکهێنەرەکان دەکات بۆ جوڵاندن لەناو پێکهاتەدا. لە (١٩٨٠)کاندا، (Move a) بو بە زاراوەیەکی سەرەکیی لە هەمو یاساکانی جوڵەی تایبەتدا،کە لە چوارچێوەی (GB)دا کۆنترۆڵ بو، وەک یاسایەکی گشتی بەهۆی جوڵەوە کەرەستەکان دەگوازرێنەوە. جوڵاندن ڕێگە بە هەر دەستەواژەیەک، یان فەرهەنگییەک دەدات بۆ گواستنەوە لە ڕستەیەکەوە بۆ بەشێکی ڕستەیەکی دی، هەر هاوسەنگییەک تاکێکی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سنورەکان بە بنەمای جۆراوجۆر سەپێنراوە. (Deming, Helong, 2024: 96)، کە لە شوێنێکی دیاریکراو لە ڕستەدا شوێنپێیەک لە ئاستی ڕوکەشدا بەجێدەهێڵێت. شوێنپێیەکان بریتین: لە (کەرەستە بەتاڵەکان)، کە هەمان سەرچاوەیان هەیە وەک (DP) گواستراونەتەوە. شوێنپێیەکان هاوشێوەی ئەنافۆری بینراو و بیستراو تێیدەگات لەلایەکەوە شوێنپێیەکان لەسەر بنچینەی هاوتەریبی سەرنجڕاکێش لە نێوان گۆڕانەکان هەندێک ئەنافۆر پروسەکانی وەک: جێناوی خۆیی لەلایەکی دیکەوە، لەسەر بنەمای ئامانجە تیۆرەکانی (REST). بۆ یەکخستنی لێکدانەوەی واتاییان لە ئاستی قووڵدا بۆ ئاستی ڕوکەش. (Bussman, 1998: 1210)، هەر چۆنێک بێت ئەو گریمانەیە، کە لە ئاستی ڕوکەشدا بە تەنها بەرپرسیارە بۆ واتاکەی، کە چەندین کاردانەوەی لەسەر ڕێزمانەکانی دی هەیە. لەسەروی هەمو شتێکەوە گرنگ بو، بزانین کەرەستەکان لە کوێن و ئایا لە ئاستی قووڵەکەوە گوازراپەوە؟ ئەمە پێویست بو بۆ ئەوەی، ڕیزمان بتوانێت، مامەڵە لەگەڵ واتای ڕستەکاندا بکات، کە تێیدا (NP) لە شوێنی، سەرەتایی خۆی گواستراپێوە وەک ئەوەی، کە جوڵاندرابێت بۆ پێشەوەی ڕستەکە، کە شوێنپێیەکی لاواز، لە دوای جۆی بەجێبهێڵێت. (Aitction, 1999: 25)، واتە مەبەستمان لە ئاستی قووڵ و ڕوکەش ئەوەیە، کە لە تیۆری شوێنپێدا کاتێک، کە ڕستەیەک لە ئاستی قووڵ بۆ ئاستی ڕوکەش دەبنە هۆی ئەم گواستنەوەیەوە

(الوعر، ١٩٨٨: ٢٤٠)، کە چون ڕستەی بکەردیار (ئاستی قووڵ) بەهۆی چەند یاسا و هەنگاوێکەوە، دەبێتە ڕستەی بکەرنادیار (ئاستی ڕوکەش)، جگە لەمە چەند جۆرێکی دی گواستنەوەمان هەیە وەک: (ڕستەی داخوازی_ پرس_ نەرێ...هتد) هەریەک لەمانەش سەر بە ئاستی ڕوکەشن.

٢ــ بەفرێکی زۆر پێزار باری.      ڕستەی هەواڵگەیاندن
٣ــ بەفرێکی زۆر کەیt باری؟      ڕستەی پرس

ئەگەر سەیری نمونەی (٢) بکەین، ڕستەیەکی هەواڵگەیاندنە، لەباری ئاساییدایە، واتە لە (ئاستی قووڵ)دایە، لە نمونەی (٣)دا ڕستەکە ڕستەیەکی پرسیارییە لە شوێنی هاوەڵکردارە کاتییەکە وشەپرسی (کەی) بەکارهاتووە، کە ئەم هاوەڵکردارەش جۆری ڕستەکەی گۆڕیوە، کردویەتی بە ڕستەی پرسیاری. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕستەکە لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستی ڕوکەش گواستراوەتەوە. هاوەڵکردارە کاتییەکە لادراوە، بەڵام شوێنپێیەکی (t) لە دوای خۆی بەجێهێشتووە.

### ١ــ١ــ٣: بنەمای کەتیگۆریی بەتاڵ و جوڵانی سەرە (Discpline empty Category and Head Movement):


بە پێی توێژینەوەکان، زمان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا، گۆڕانکاریی بەسەر دادێت، بۆ نمونە یەکێک لەو بنەما گۆڕانکارییە، کە (ئابوریکردنە)، کە زمان بەرەو ئاسان بون دەبات، (چۆمسکی) لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە، بە کەتیگۆریی بەتاڵ ناوی بردووە. (قادر، ٢٠١٥: ١٢)، ئەویش ئەو کەرەستەیە، کە فۆرمی فۆنەتیکیی ڕاستەقینەی نییە، واتە بە زنجیرەیەکی دەنگی دەرنابڕدرێت، بەڵام فریزێکی ناوییە، کە لە ڕۆنانی قووڵدا بونێکی هەیە و لە ڕوکاری ڕۆنانی قووڵدا بونێکی واتایی هەیە و لە ڕوکاری ڕستەدا. شوێنپێیەکی هەیە (Chomsky, 1982: 7). مەبەست لەو ئابوریکردن ئەوەیە، کە هەندێکجار چەند کەرەستەیەکی پێکهێنەری ڕستە دەکرێن، بە مەرجێک ئەو کرتاندنە نەبێتە هۆی شێواندنی واتا و سینتاکسی ڕستەکە. بە واتایەکی دی، کەتیگۆریی بەتاڵ ئاماژە بۆ پێکهاتەی ڕستە دەکات، کە لە ڕوی فۆنەتیکەوە بەتاڵن، بەڵام لە ڕوی سینتاکسییەوە چالاکن. (محەمەد، ٢٠٠٩: ٢٣)، مەبەست لە چالاکبونیان لە ڕوی سینتاکسییەوە ئەوەیە، کە هەر چەندە مۆرفیمەکە بەتاڵە، تەنیا ئەو فریزانە شوێنپێ بەجێدەهێڵن، کە تەواوکەرن لە دروستەی ڕستەدا، یان لە فریزدا، فریزە سەربارەکان شوێنپێیان نابێت. بەڵام بەهۆی چالاکبونیان لە ڕستەدا وای کردووە، کە شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت. ((بۆیە ئەم کەتیگۆریە بەتاڵانە پێیاندەوترێ شوێنپێ.)) ( Sells, 1985: 42)، ڕێزمانی گواستنەوە هەوڵیدا، بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە بەرهەمهێنانی ئاستی قووڵی زمان و پەیوەندیی لەگەڵ ئاستی ڕوکەشی زمان و چۆنیەتیی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان لێکداتەوە، یەکێک لەو یاسا گواستنەوەش یاسای کرتاندنە، کە بەهۆیەوە گونجاوە ئاستی ڕوکەش بکرێت. (قادر، ٢٠١٥: ١٣)، کەواتە کەتیگۆریی بەتاڵ ئەو کەرەستە زمانییانەن، کە لە ئاستی قووڵدا بونیان هەیە، بەڵام کە بۆ ئاستی ڕوکەش دەگوازرێنەوە دەکرێن، ئەمە وەکو فۆرم، ئەگینا لە ڕوی واتاوە دەگوازرێتەوە، بۆیە دەکرێت ڕێککەوتن و نیشانەی دۆخ جێخۆشکەری گواستنەوە بن. کەتیگۆرییە بەتاڵەکان هەرچەندە لە ڕستەدا دەرناکەون، بەڵام یەک ئەرکی ڕێزمانی دەبینن و لە شوێنی فریزێکی دیارخەریدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت. کەتیگۆریی بەتاڵ دەکرێت بە چوار جۆر، وەک:

أــ شوێنپێی فریزی ناوی (NP Trace)
بــ شوێنپێی وشەی پرسیار (Wh- Trace)
تــ PRO
پــ pro. (قادر، ٢٠٠٤: ١٩ــ٢٠).

ئەم چوار جۆرە لە شوێنی جیاوازدا لە ڕستەدا، دەردەکەون هەریەکەیان تایبەتێتیی جیاوازی هەیە و هەندێک مۆدیۆلەکانی تیۆری (GB) ئاماژەپێکەرێکی بەهێزە بۆ کەتیگۆری، لەوانە تیۆری بەستنەوە، تیۆری حوکمکردن و تیۆری کۆنترۆڵ. ( Trask, 1993: 90)، نمونەیەکی گشتی بۆ کەتیگۆریی بەتاڵ لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا زیاتر ڕونکراوەتەوە:

٤ــ منداڵەکە دەرەنگ خەوت.


هێڵکاریی (٢): (کەتیگۆریی بەتاڵ).




• کاتێک، کە باس لە کەتیگۆریی بەتاڵ دەکرێت، ڕاستەوخۆ بابەتێکی دی لە پاڵدا دێت، ئەویش جوڵانی سەرەیە (Head Movement). تاکە جۆری جوڵەیە، کە ئێمە ڕەچاومان کردووە بریتییە: لە ئەوپەڕی جێکەوتەکان، هەرچەندە لە (GB)دا، ڕێگە بە جۆرێکی دی لە جوڵە دەدرێن، کە پێی دەوترێ جوڵەی سەرە. لەم حاڵەتانەدا سەرەیەک دەجوڵێنرێت بۆ شوێنێکی دی لە هەمان ڕستەدا. ( SMPSON, 1962: 86)، کاتێک، کە باس لە جوڵەی سەرە دەکەین دو جۆری سەرەکیی کردەی جوڵە دەگرێتەوە یەکێکیان، کە کاریگەریی لەسەر کارە یاریدەدەرەکان هەیە و یەکێکی دی کاریگەریی کردارەکان دەگرێتەوە. مەبەستمان لە جوڵەی یاریدەدەرەکان ئەوەیە، کە یاریدەدەرەکانی گفتوگۆ دەگرێتەوە وەک: (بەڵێ، نەخێر)، کە ئەم وشە یاریدەدەرانە لە سەرەتای ڕستەدا بەکاردێن. (Radford, 1997: 117)، کاتێک کە باس لە جوڵەی (سەرە) دەکەین، جوڵەی سەرەی فریزەکان دەگرێتەوە، کە ئەم جۆرە جوڵەیەش زیاتر لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەوێت، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی جوڵەی سەرە، زیاتر پشت دەبەسترێت بە تیۆری (X_bar)، کە لەم تیۆرەدا زیاتر ڕوندەبێتەوە هەرچەندە جوڵەی سەرەش سنوردارە. (Carine, 2006: 287)، نمونە وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا زیاتر ڕونکراوەتەوە:

٥ــ پێنج خوێندکار لە تاقیکردنەوەکە دەرچون.
٦ــ خوێندکارەکان پێنجیان t لە تاقیکردنەوەکە دەرچون.

هێڵکاریی (٣): (جوڵەی سەرە لە فریزی (DP) ).



له نمونه‌ی (٥)دا، سه‌ره‌ی فریزه‌كه، كه (خوێندكار)ە (دیارخەر)ە له سه‌رەتای ڕسته‌كه‌دا نه‌هاتووه، له نمونه‌ی (٦)دا جوڵێنراوه، بۆ پێش (دیارخراو)ەكه، كه (پێنج)ە. یان جوڵه‌ی كرداره یاریده‌ده‌ره‌كانیش له زمانی ئینگلیزی و كوردیدا به‌رچاوده‌كه‌ون، بەڵام زیاتر له زمانی ئینگلیزیدا هه‌ن، چونكه ده‌وڵه‌مه‌نده به كرداری یاریده‌ده‌ر نمونه بۆ ئه‌مه‌ش وه‌ك:

7_ I should clean the room.

8_ Should I clean the room?

له نمونه‌ی (٧)دا، كرداری یاریده‌ده‌ری (should)، له دوای بكه‌ره‌وه هاتووه به‌ڵام هه‌ر ئه‌م كرداره یاریده‌ده‌ره جوڵێنراوه و له نمونه‌ی (٨)دا، له‌سه‌ره‌تایی ڕسته‌كه‌دا هاتووه، ڕسته‌كه‌ی كردووه به ڕسته‌ی پرسیار

## ١_٢ مینیماڵ پرۆگرام (پرۆگرامی كه‌مینه) و جوڵان له (LF)دا:

### ١_٢_١: مینیماڵ پرۆگرام (پرۆگرامی كه‌مینه):

هه‌وڵێكی دیكه‌ی زمانه‌وانیی (چۆمسكی)یه، كه بۆ سه‌روی ساڵانی نه‌وه‌ده‌كانی سه‌ده‌ی ڕابردو ده‌گه‌ڕێته‌وه له ژێر ناوی مینماڵ پرۆگرامدا. (Minimal Program)، كه (MP) كورتكراوه‌كه‌یه‌تی. (قادر، ٢٠١٠: ١٠٢) هۆی سه‌رهه‌ڵدانی پرۆگرامی (MP) له ئه‌نجامی ئه‌و كه‌موكوڕییانه‌وه بو، كه له تیۆری (GB)دا هه‌بو، واته ئه‌م پرۆگرامه، درێژه‌پێده‌ری تیۆری ده‌سه‌ڵات و به‌ستنه‌وه‌یه، كه ئه‌مه‌ش ((گه‌شه‌سه‌ندنێكه له بیركردنه‌وه‌ی زمانه‌وانیی گشتیدا، كه جه‌خت له‌سه‌ر ئامانجی ده‌ربڕینی ئاخاوتن سه‌باره‌ت به زمان ده‌كاته‌وه.)) (Crystal, 2008: 306)، ئه‌م پرۆگرامه له هه‌ندێك ڕووه‌وه گه‌شه‌ی قوتابخانه‌كانی پێشوی ڕێزمانی به‌رهه‌مهێنانه، بەڵام له هه‌ندێك ڕوی دیكه‌وه و زاراوه‌كانی نێو پرۆگرامه‌كه گۆڕاون، بۆ نمونه زمانه بكه‌رخراوه‌كان (Prodrop_Languages) بۆ زمانه بكه‌ر_سفره‌كان گۆڕاوه (Null_Subject) هه‌روه‌ها پرۆگرامه‌كه له هه‌ندێك ڕێزمانێكی سه‌راپا/ UG نه‌بو، ئه‌مه‌ش بووه هۆی ئه‌وه‌ی توشی گرفت بێت، وه‌كو ئه‌و زمانانه‌ی، كه بوار ده‌ده‌ن، كه زمانی فه‌ره‌ه‌نسی ڕێگه‌ی پێده‌دات. (قادر، ٢٠١٠: ١٠١)، چۆمسكی زمانه‌كانی دابه‌شكرد، كه ئه‌مه‌ش وه‌كو یه‌كێك له‌كه‌موكوڕییه‌كانی پرۆگرامه‌كه داده‌نرێت به‌وه‌ی، كه سه‌راپا نییه و له‌گه‌ڵ تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی هه‌مو زمانه‌كاندا ناگونجێت، مینیماڵ پرۆگرام (MP) هه‌روه‌ك له ناونیشانه‌كه‌یه‌وه دیاره، ده‌رده‌كه‌وێت پرۆگرامێكه، نه‌وه‌ك تیۆر، واته سیسته‌مێكی سه‌ره‌تایی پێنه‌گه‌یشتووه. مه‌به‌ستی گشتیی چۆمسكی له مینیماڵ پرۆگرامدا بریتییه: له دروستكردنی تیۆرێكی ڕێزمانی بۆ زمانی مرۆڤن، كه داوای ئه‌وه ده‌كات ئه‌و بابه‌تانه‌ی ده‌رباره‌ی زمانی مرۆڤن، هه‌تا ده‌توانرێت ساده و گشتی بن. (Ura, 2000 :14)، بۆ نمونه هه‌ر له سه‌ره‌تای ڕێزمانی به‌رهه‌مهێنان و گواستنه‌وه‌دا، به تایبه‌تی له دوای تیۆری ستاندارد، كه ساڵی (١٩٦٥_١٩٩٣)دا ئاستی قووڵ و ڕوكه‌ش له لێكۆڵینه‌وه زمانه‌وانییه‌كاندا زۆر پشتی پێده‌به‌سترا. (قادر، ٢٠١١: ١٩) له تیۆری ستانداردی فراوانكراودا چوار ئاستی نواندنی پێكهاته‌ی ڕسته دیاریده‌كات، كه بریتین له: ئاستی (قووڵ (D)، ڕوكه‌ش (S)، فۆڕمی لۆجیكی (LF)، فۆڕمی فۆنه‌تیكی (PF) ). (Crystal, 2008: 306)، له تیۆری (GB)دا، ئاستی (قووڵ، ڕوكه‌ش) بونیان هه‌بو، گرنگیی زۆری پێدرا. چۆمسكی له پرۆگرامی (MP)دا ئاستی (قووڵ، ڕوكه‌ش)ی لادا، واتا چوار ئاسته‌كه‌ی بۆ دو ئاست كه‌مكرده‌وه، گوتی ئه‌مه‌ش خۆی له خۆیدا به جۆرێك له ئابوریكردن داده‌نرێت. واته ئه‌و دو ئاسته‌ی، كه به گرنگ و پێویست داده‌نرا له (MP)دا، فۆڕمی فۆنه‌تیكی (PF) و فۆڕمی لۆجیكی (LF)ن، مه‌به‌ست له فۆڕمی فۆنه‌تیكی، بۆ ئه‌وه‌یه، كه كۆئه‌ندامی ئاخاوتن و قسه‌كردن به‌رهه‌میده‌هێنن و فۆڕمی لۆجیكییش، به‌هۆی چه‌مكی كۆزانیارییه‌وه له سیسته‌می ڕسته‌دا له ڕوی واتاییه‌وه لێكده‌درێته‌وه. (Van Valin, 2004: 203)، زمان له نه‌خشه‌یه‌كی نێوان ده‌نگ و واتادا، واته پێكهاته‌ی ده‌نگ و واتا دو كه‌ره‌سته‌ی پێویستیی زمانن، به پێی بۆچونی چۆمسكی زمان، له دو پێكهاته (Componet) پێكهاتووه:

١_سیسته‌می كۆمپیوته‌ریی زمانی مرۆڤ (CHL).

٢_ فه‌رهه‌نگ. (Chomsky, 1995: 168 _ 169)

### ١_٢_١_١: سیسته‌می كۆمپیوته‌ری (Computer System):

یه‌كه‌م كار، كه چۆمسكی له (MP)دا ئه‌نجامیدا، دانانی سیسته‌می كۆمپیوته‌ریی زمانی مرۆڤ بو، واته ئه‌و ئامێره‌ی، كه هه‌مو زانیارییه‌كان به‌رهه‌مده‌هێنێت، به‌بێ ئه‌وه‌ی ده‌ریانبڕێت، پرۆسه‌ی تاقیكردنه‌وه‌ش له سیسته‌می كۆمپیوته‌ریدا له‌سه‌ر بنه‌مای پاساوی بنه‌ڕه‌تیی گریمانه گه‌وره‌كه داده‌نرێت، بۆ به‌رنامه نزمه‌كان له‌سه‌ر بنه‌مای ئه‌و ڕاستییه دامه‌زراوه، كه زمان باشترین چاره‌سه‌ره بۆ پێداویستییه‌كانی فۆڕمی ڕوبه‌ڕو. چونكه تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی ده‌نگ به‌شێوه‌ی ده‌نگ و تایبه‌تمه‌ندییه واتاییه‌كان به شێوه‌ی لۆژیكی ده‌خوێنرێته‌وه. (غلفان، ٢٠١٠: ٤٠٦)، دانه فه‌رهه‌نگییه‌كان له فه‌رهه‌نگه‌وه هه‌ڵده‌بژێت و بۆ به‌رهه‌مهێنانی دروسته داڕێژراوه‌كان به‌كارده‌هێنێت. (Chomsky, 1995: 168_169)، ئه‌م سیسته‌مه كۆمپیوته‌رییه، دانه‌كان له‌ناو فه‌رهه‌نگی ئاوه‌زیی هه‌ڵده‌بژێرێت، هه‌ر ڕسته‌یه‌ك پێویست بێ ده‌ریده‌بڕێت، ده‌بێت ئه‌و سیسته‌می كۆمپیوته‌رییه، كه‌ره‌سته‌كان له‌ناو فه‌رهه‌نگ هه‌ڵده‌بژێرێت، ده‌ڵێت: پێویستیی به ئه‌وه‌نده دانه‌یه. ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت، كه تاكه سیسته‌مێكی بیركارییانه هه‌یه، جیاوازیی فه‌رهه‌نگییه‌كان ده‌ستنیشان بكات، به‌مه‌ش CHL وه‌كو دانانی ژماره‌یه‌ك سیسته‌می كه‌ره‌سته‌یی بۆ هه‌ڵبژارده فه‌رهه‌نگییه‌كان كارده‌كات. (قادر، ٢٠١٠: ١٠٤)، بۆ دو جۆره هێما لێكده‌درێته‌وه (π، λ)، كه ده‌ربڕینێكه بۆ زمانێكی دیاریكراو به‌كاردێت، له‌وكاته‌ی ئه‌م هێمایه (λ) له نواندنی (PF)ە بۆ نواندنی (LF) دیاریكراوه، (Ura, 2000: 15) سیسته‌مه كۆمپیوته‌ری به دو كرده كار ده‌كات و داده‌ڕێژرێت، كه بریتین له: (لێكدان/ Merge، جوڵه/ Move). (بوقره، ٢٠٠٩: ١٥٨)، هه‌ر كاتێك ئه‌م داڕێژراوه ئاماده‌ی دركاندن بو، بۆ هه‌ر دو فۆڕمی لۆجیكی و فۆنه‌تیكی ده‌نێردرێت، ئه‌م چوار ئاسته به‌رپرسن له به‌رهه‌مهێنانی هه‌مو داڕێژراوه‌یه‌كی ڕێزمانی. (Ura, 2000: 15)، ئه‌م ده‌ربڕینه ڕێزمانیانه بۆ داڕێژراو و یان یه‌كه سینتاكسییه‌كان نه‌خشه ده‌كێشرێت. چونكه هه‌ر داڕێژراوێك به نواندنی، (PF) و (LF) ده‌به‌سترێته‌وه، كه (PF) سیسته‌مێكی دركاو و هه‌ستپێكراوه‌كانه، (LF)یش له سیسته‌می چه‌مكه واتاییه‌كاندا لیكدانه‌وه‌یان بۆ ده‌كرێت. سیسته‌می ژمێركاری ده‌كه‌وێته ژێر باری بنه‌ما گشتییه‌كانه‌وه، كه گرنگترینیان بنه‌مای ئابوریكردنه، له داڕشتنه‌كاندا، نواندنه‌كان و بنه‌مای لێكدانه‌وه‌ی پڕاوپڕه. (ڕه‌سوڵ. ٢٠١٤: ١١٧)، چالاكییه‌كانی ئه‌م سیسته‌مه كۆمپیوته‌رییه، ده‌كه‌وێته نێوان فه‌رهه‌نگ (هه‌ژماركردن)، كه ئه‌م چالاكییانه‌ش، بریتین له: (هه‌ڵبژردن، لێكدان، پشكنین، جوڵه، كۆپی). (David, Dubinsky, 2004: 287)، هه‌ریه‌ك له سیسته‌می سینتاكسیی مینیماڵ پرۆگرام و بنه‌ماكانی سیسته‌می كۆمپیوته‌ری، به‌شێوه‌ی هێڵكاری ده‌خرێنه ڕو وه‌ك:

هێڵكاریی (٤): (بنه‌ماكانی سیسته‌می كۆمپیوته‌ریی زمانی مرۆڤ).




(قادر، ٢٠١١: ٧٠)

سیستەمی کۆمپیوتەری دوای ئەوەی، کە ڕەگەزێکی فەرهەنگی/ Lexical term لە هەژمارکردنەکەدا هەڵدەبژێرێت، لە ڕێگەی لێکدانەوە لێکیان دەداتەوە. ڕۆنانێکی گەورەتر بەرهەمدەهێنێت. (Chomsky, 1995: 277_278)، بۆ نمونە:

٩_ کچەکە نان دەخوات.

لە سیستەمی کۆمپیوتەریدا، ڕەگەزە فەرهەنگەکانی (کچەکە، نان، خواردن) هەڵدەبژێرێت ئینجا دەتوانی لێکیان بدەی. ئەو لێکدانەش بە پێی یاسای لێکدان لێکی دەدەی، کە یاسا لێکدانەکانی ئەو سیستەمە کۆمپیوتەرییە بۆت ڕێکدەخات، دەڵێی: کچ + ەکە= کچەکە، نان + خوارد= نان خوارد ئینجا هەرسێکیان لێکدەدەی دەبێتە، کچەکە نانەکەی خوارد. بێگومان لێکدانی ئەو کەرەستانەش بە ئارەزوی خۆمان نابێت، بەڵکو دەبێت سنورێک هەبێت، کە ئایا کام لە کەرەستەکان دەتوانن لەگەڵ یەکتریدا لێکبدرێن؟ دوای کردەی لێکدان دەبێ بپشکێنرێت (Cheking)، واتە ئەو تەواوی و ناتەواوی ئەو فرێزانەی، کە لێکدانەکەیان دروستکردووە و ڕستەکەی لێ پێکهێناوە، بزانرێ، کە بە جوانی دروستی کردووە و هەتا گەیاندویەتە فۆڕمی فۆنەتیکی و فۆڕمی لۆجیکیەکە، تەواو بووە یان تەواو نەبووە، وەک پاساودان. جگەلە لە تێکەڵبونی کەرەستە سینتاکسییە جیاوازەکان، زمانی سروشتی جوڵەش نیشان دەدات، بەو واتایەی، کە کەرەستە گەلێکی سینتاکسی هەن، کە دەبێت زیاتر لە شوێنێکدا لێکبدرێنەوە. (Svenaninus, 2021 :7)، واتە دوای ئەوەی کەرەستەکان دەپشکێنرێت دواتر یەک یەک دەجولێنرێن هەر یەک بۆ شوێنی خۆی، جوڵانەکانیش بە پێی یاساکانە. (Andreu, Gallego, 2009: 12)، لە ڕستەی ئاڵۆزدا، ئەو جوڵاندنە زۆرە، کە ناو لادەچێت و دەجولێنرێت. ئەم گرنگیی لێکدانەش وەک پێکهاتەیەکی ناوەندنی ڕێزمان بەشێوەی بەرچاو زیاد دەکات، یەک لەو ڕێگەیانە، کە لە ئەنجامی جوڵەوە یەکدەگرێتەوە کۆپیکردنە. (Svenaninus, 2021: 8)، کۆپی واتا لە ناو ڕستەکە کەرەستەمان هەیە لای دەبەین لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دی، کەرەسەتەیەک لە پێشەوە دەچێتە دواوە، یان ناوەڕاست. نمونە بۆ ئەمەش وەک:

١٠_ کچەکە هاتووە و ~~کچەکە~~ ڕۆیشتووە.

ئەو کچەی دووەم کۆپییە، شوێنەکەی دیارە لە زۆربەی ڕستە ناسادەکاندا کەرەستە دوبارەبووەکان نانوسرێنەوە. چۆمسکی لە (GB)دا پێی دەگوت شوێنپێ، لە (MP)دا کۆپییە، کۆپییەکەشی بۆیە دانا، چونکە دەتوانی دای بنێیەوە لە شوێنی خۆی. کردەی کرتاندنیش لە زماندا هەیە، ئەو کرتاندنەش هەموی کۆپین. دەتوانین ئەوەی لامان بردووە، جارێکی دیکە لە شوێنی خۆی دای بنێینەوە.

١١_ ئەوان هاتن و نانیان خوارد. لابردن

١٢- ئەوان هاتن و ~~ئەوان~~ نانیان خوارد. کۆپی

جێناوەکان کۆپی ناوەکەن، مەرج نییە تەنیا ناو کۆپی بکرێت ئەوەی ڕستەی لێ دروست دەبێت دەکرێت زۆربەی کەرەستەکانی ڕستە کۆپی بکرێن، بە پێی زمانەکان. دوای ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە لە سیستەمی کۆمپیوتەریدا، چالاکییەکی دی هەیە، کە پێدەوترێ شەقبون (Spell_ Out). (قادر، ٢٠١١: ٢١)، شەقبون هەتا دەگاتە (GB) ئاستی قوڵ و ڕوکەش دەگرێتەوە، بەڵام لە (MP)دا شەقبون ئاست نییە. بەڵکو جیابونەوەی فۆڕمی لۆجیکی و فۆنەتیکییە. سیستەمە کۆمپیوتەرییەکە دانەکان لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێ، دواتر لێکیان دەدات، و پشکنینیان بۆ دەکات و دەیانجولێنێت، ئەوەی پێویست بێت کۆپییان دەکات، هەتا ئەم قۆناغەی ئێرە، پێی دەگوترێ سینتاکسی ئاشکرا، تا دەگاتە شەقبون سینتاکسی ئاشکرایە، لە دوای شەقبون، کە جیادەکرێتەوە دەبێتە سینتاکسی شاراوە. چۆمسکی دەڵێت: ئەوانەی، کە لە سینتاکسی ئاشکرادا ڕودەدەن تێچویان کەمە، بێ بەهان بۆیە بە ناوی سینتاکسی ئاشکرا ناویان دەبات. لە سینتاکسی شاراوەدا کار لەسەر چەمک دەکات، کە فۆڕمی فۆنەتیکی و لۆجیکی چۆن دروست دەبن، هەر وشەیەک چەند چەمکێکی هەیە، ئەم قۆناغە شاراوەیە کار لەسەر ئەوە دەکات.

### ١_٢_١_٢: فەرهەنگ (Lexicon):

لە مینماڵ پرۆگرامدا فەرهەنگ لەناو مێشکدایە، کە بە لێکسیکۆن ناسراوە. (قادر، ٢٠٠٩: ٢٩) و یەکێکە لە پێکهاتەی مینماڵ پرۆگرامیش، کە لە تیۆری (GB)یشدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام جیاوازە لەگەڵ مینماڵ پرۆگرام. لە مینماڵ پرۆگرامیشدا هێنیا بۆ هەمو تایبەتییەکانی دانەکانی دەروازەی فەرهەنگ دادەنێت، کە ئەو تایبەتمەندییانە، بنەمای ڕێزمانی سەراپا، یان ڕێزمانە تایبەتییەکان ڕێکیان ناخەن، هەروەها تایبەتیە دەنگی و بنەمای (شێوەی) و واتای وشەکان بە شێوەی پۆلێکردنێک دەنوێنێ. (غلفان، ٢٠١٠: ٣٦٧)، واتە زمان سیستەمێکی تەواوە/ Perfect، کە بە باشترین، یان چاکترین شێوە لەمێشکدا ئامادەکراوە، کەواتە سیستەمی ڕێزمانی ناو مێشک تەواو و نمونەییە/ Opitinality. (Radford, 2004: 3)، سەراپای ئەو هاوبەشییە دەنگ و واتایە، سینتاکس بەهۆی فەرهەنگەوە ئەو زانیارییانەی پێدەدرێت، کە لە بیری ئێمەی مرۆڤدا هەڵگیراون، فەرهەنگ دانەکان دەخاتە بەردەست سینتاکس، بۆ کارکردن لەسەریان. لەم بۆچونەدا سینتاکس لەلایەن سروشتی نواندنە فەرهەنگییەکانەوە سنوردار دەکرێت. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ١١٠) فەرهەنگ بەشێکە لە سیستەمی زانیاری و گەنجینەکە بۆ هەمو تایبەتمەندییە ناوەزەکانی دانە فەرهەنگییەکانە، چونکە فەرهەنگ دانە فەرهەنگییەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەها چۆمسکی پێیوایە، هەمو تیۆرێکی زمانی، پێویستی بەو ڕاستییە هەیە، کە فەرهەنگ توانستی ئاوەزیی مرۆڤە بۆ زانینی زانیاریی ورد و زانستیی وشەکانی زمانەکەی بەکاردێت.

### ٢_١_٣: جوڵان لە LF دا (Movement in LF):

جوڵان یەکێکە لە چالاکییەکانی سیستەمی کۆمپیوتەری لە (MP)دا، کە یەکێکە لە گرنگترین کردەی ڕێزمانی، جوڵانیش لە (MP) و (GB)دا جیاوازن لەیەکتری. جوڵان لە (GB)دا پەیوەستکراوە بە دۆخی ڕێزمانی، کە جوڵانەکانیش ئازادن، بەڵام لە (MP)دا، ئەم سنوردارکردنەوەی جوڵان، بە دۆخی ڕێزمانییەوە لابرا، جوڵان بە

پشکنەری سیماکانەوە بەستراوە، چونکە سیماکان لە ڕێی جوڵانەوە گوزارشتیان لێدەکرا و جوڵانەکانیش ئازاد نین، چونکە هەندێ بچوککردنەوە (Constraint) هەن وەک: چاوتێرنەبون (Greed)، ڕاکێشان ( Attract)، لەگەڵ مەرجی کەمترین پێکەوە بەستن (MLC). (قادر، ٢٠١١: ٧٧_٧٨). ئەم جوڵانەی ، کە لە (LF)دا ڕودەدات لە دوای کردەی (شەقبون)ەوە دەست پێدەکات، ئەم جۆرە جوڵاندنەش بە شێوەی شاراوە ڕودەدات. (LF)یش قۆناغێکە لە وەرگێراوەی سینتاکسی، کە سینتاکس و سیستەمی چەمکی_ مەبەستدارەکان، واتە قۆناغێکە لێکدانەوەی واتایی تێدا ڕودەدات، کە بەهۆیەوە پەیوەندیی زمانەوانیی واتایی دەبێت. (Boeckx, 2006: 202).

لە (MP)دا، ئاماژە بە دو جۆرە جوڵان دەکات، بریتین لە:

١_ جوڵەی ئاشکرا (دیار) Overt Movement،

٢_ جوڵەی شاراوە (نادیار) Covert Movement.

١_ جوڵانی ئاشکرا لە پێش شەقبون ڕودەدات ئەمەش بە سیمای بەهێزەوە بەستراوەتەوە، کە باس لە سیما دەکەین مەبەستمان لە سیماکانە، کە بۆ پاساودانیان بەکاردێت، مەبەست لەمانەش واتە، (دۆخ، کات، ژمارە، ڕێککەوتن، کەس...هتد) بە هەمو ئەمانە دەگوترێت سیما، کە باس لەمانە دەکرێت، دەکرێن بە سێ جۆری سەرەکی، کە بریتین لە:

أ_ سیمای بەهێز، ئەگەر لە سینتاکسی ئاشکرادا، پێش شەقبون پشکنینی بۆ نەکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی داڕێژراوەکە لە ئاستی(PF) دا هەڵبوەشێتەوە.

ب_ سیمای بەهێز، ئەگەر لە سینتاکسی ئاشکرادا، پشکنینی بۆ نەکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە داڕێژراوەکە لە ئاستی (LF) دا هەڵبوەشێتەوە.

ت_ سیمای بەهێز، لە سەرەتای پێکهێنانی فرێزدا، پێویستە یەکسەر لاببردرێت.

٢_ جوڵانی شاراوە، پەیوەستە بە سیمایی لاوازەوە، کە لە دوای کردەی شەقبونەوە ڕودەدات LF. (Baltin, Collins, 2001: 75_76)، بەمشێوەیە، فۆڕمی لۆجیکی لە مینماڵ پرۆگرامدا، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئاستی نواندن، لە گشت ڕێسا و یاسا ڕێزمانی و سیمانتیکییەکانی تێدا جێبەجێدەکرێت و لێکدەدرێتەوە. (قادر، ٢٠١٠: ٨٤)، واتە فۆڕمی لۆجیکی بە چەمکی وشەکان دەکەن، بۆ نمونە چەمکی ناوی کوڕ {+ نێر، + مرۆڤ، + هێز...} بەڵام چەمکی ناوی کچ {-نێر، + مرۆڤ، -هێز...هتد} ئەم دو جۆرە چەمکە لەگەڵ یەکدی جیاوازن، ئەم چەمکانەش لە مێشکی هەموماندا هەن، واتە هەمو مرۆڤێک لە چەمکە گشتییەکاندا هاوبەشن، هەمو زمانێکیش چەمکی تایبەتیی خۆی هەیە، کە فۆڕمی لۆجیکی، واتە (LF) بریتییە: لە ئاستی نوێنەرایەتیکردن لە ڕوی چەمکەوە پێویستیی بە ئاستی قووڵ و ڕوکەش نییە، مەرجی بونی (LF) بریتییە: لە بنیاتنانەوەی دەستەواژەی Wh بۆ شوێنی شوێنپێ لە (LF). ( Nunes, 1995: 191_202).

## بەشی دووەم

## تیۆری کۆپیکردن و جوڵان لە (MP)دا

### ٢_١: لە تیۆری شوێنپێیەوە بۆ کۆپیکردن و فۆڕمی فۆنەتیکی (From Trace to Copying Theory and Phonatic From):

لەگەڵ هاتنی مینماڵ پرۆگرامدا بۆ تیۆری زمانەوانی، تیۆری شوێنپێ بۆ تیۆری کۆپی جوڵە جێگیرکرا، کە جوڵەش، کارپێکردنی پێکهاتەی کۆپیکردن و لابردن لەخۆ دەگرێت. (Garrica, 2019: 5)، چۆمسکی بیری دانانی تیۆری کۆپیکردنی بۆ هات ئەو بیرە لە تیۆری شوێنپێیەوە سەرچاوەیگرت، واتە هەر تیۆری شوێنپێیە لە (GB)دا، بووە بە تیۆری کۆپیکردن لە (MP)دا. سەرهەڵدانی تیۆری کۆپی بۆ جوڵەی کەرەستەکان لە ڕستەدا دەگەڕێتەوە، کە بە پێی تیۆری کۆپی شوێنی کۆپییەکی توخمە گوێزراوەکە، لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیدا لادەبات، کۆپییەک لە (LF)دا دەمێنێتەوە. (Nunes, 1995: 193)، کەواتە تیۆری کۆپیکردن، کارێکی بنەڕەتیی سینتاکسییە، کە مینماڵ پرۆگرام پشتگیری لە تیۆری کۆپیی جوڵە دەکات، کە کەرەستەیەک دەجوڵێت، کۆپییەک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت. بۆیە دەکرێت زنجیرەک لە چەندین کۆپیی گواستراوەدا پێکبێت. (Crystal, 2008: 116)، کاتێک کەرەستەیەک دەجوڵێت، کۆپییەک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، بۆیە ڕستە هەیە لە چەندین کۆپیی پێکهێنەری گواستراوە دروستدەبێت، بەڵام ئەم کۆپیکردنەی کەرەستەکان بە پێی سنوری ڕستەیە، لە خۆوە ڕونادات، زیاتریش لە ڕستەی ئاڵۆزدا بەدەردەکەوێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی زمانی مرۆڤ ئەوەیە، کە پێکهاتە سینتاکسییەکان لە شوێنی جیاوازدا لێکدەدرێنەوە، کە لەوانەیە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە بەدیبکرێت.(Corver, Nunes, 2007:1)، تیۆری کۆپیدا دیدێکی نوێ بۆ ئەو کێشەیە دابیندەکات، کردەکانی جوڵە دروستدەکەن، لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە کۆپیی بابەتەکان لە شوێنی پێکهاتە جیاوازەکان و کۆپییەکانی خوارەوەدا لادەبات. پێکهاتەیەک، کە لەحاڵەتی جوڵەی ئاشکردایە، بەڵام لە (LF)دا بەردەستە بۆ لێکدانەوە. واتە تەنیا ئەو کۆپییەی لە ڕوی سینتاکسییەوە، دەکەوێتە بەرزترین شوێن، کە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە دەردەبڕدرێن و هەمو کۆپییە نزمترەکان لادەدرێن. بۆ نمونە، ئەو کۆپییە نزمترەی ناو (VP) بۆ سپێکی (TP) کۆپیدەکرێت، دواتر لادەدرێت. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ١٢٢)، بۆ نمونە: دان بە ڕۆنانی (دکتۆرەکان نەخۆشەکانیان چارەسەرکرد.) دادەنرێت لە بری {TP دکتۆرەکان (VP) دکتۆرەکان نەخۆشەکانیان چارەسەرکرد.} لە (TP)دا کۆپییەک بەجێدەهێڵێت پاساودانەکەی لە سینتاکسی شاراوەدایە ئەو کۆپییەی، کە دەکەوێتە بەرزترین شوێن، بۆ پاساودانی سیماکان لە (LF)دا دەمێنێتەوە، بەڵام لە(PF) دا نامێنێتەوە، کاتێک سیماکان، هاوبەش دەبن و دەبێتەوە بە سفر، ئەمە پاساودانەکانە. پاڵنەری تیۆری کۆپی لە ڕوی چەمکییەوە هەر دو کۆپی (LF) دەخاتە بەردەست بۆ لێکدانەوە بە ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

١_ تیۆری کۆپی بەشدارە لە هەوڵی توێژینەوە، بۆ نەهێشتنی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی ناڕوکار.

٢_ تیۆری کۆپیکردن شیکاری دیاردەکانی بنیاتنانەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو ئاسان دەکات.

٣_ تیۆری کۆپی بۆ نەهێشتنی شوێنپێ، ژمارەی سەرەتاییە تیۆرەکان لە ئینفۆنتۆرەکەماندا کەمدەکاتەوە.

٤_ کۆپیکردن و سڕینەوە هەردوکیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ پاڵنەریان هەیە بۆ دوبارەکردنەوەی مۆرفۆلۆژی. (Corver, Nunes, 2007: 14_15, 216_217)، بێگومان لە سینتاکسدا، تیۆری کۆپیکردن گرنگ و سودی تایبەتیی خۆی هەیە، بۆ نمونە هەندێک لە سودەکانی تیۆری کۆپیکردن وەک:

١_ ڕێگەدەدات تیۆری بەستنەوە، تەنها بە زاراوەی (LF) و(PF) دا خۆیان بەدەستەوەبدەن لە کاتی کارکردنی بنیاتنانەوەدا، واتە فۆڕمی(LF) و(PF)، کە دەخاتە ڕو کەرەستە جوڵاوەکە دەچێتە شوێنی خۆی.

٢_ لە ژێر تیۆری کۆپیدا، کۆپییەکی تەواوی، لە دەستەواژەی Wh لە (LF)دا بەردەستە.


٣_ دەتوانرێت بگوترێت، کە جوڵەی ناوخۆیی کارتێکەری Wh بۆ پلەیەکی بەرزتر دەگرێتەوە، لە نێو دەستەواژەی Whدا.

٤_ تیۆری کۆپی بەمشێوەیە، بووە بە بابەتێکی گرنگ و تۆکمە لە مینیماڵ پرۆگرامدا، چونکە بووەهۆی پێشکەوتنی ئەم پرۆگرامە. ( Corver, Nunes, 2007: 2), (Ouhalla, 1999: 415_416)، نمونە بۆ تیۆری کۆپیکردن وەک:

١٣_ {مندالەکە} درەنگ خەوت، چونکە [~~مندالەکە~~] نەخۆش بوو. Copy

لە نمونەی (١٣)دا، ناوی (مندالەکە) لە هەردو ڕستەکەدا هەیە، کە هەردوکیان ئەرکی (بکەر)یان وەرگرتووە، کە بکەری ڕستەیی(١) هی خۆیەتی لە ڕستەی (٢)دا کۆپیکراوە، چونکە دەکرێت هی ڕستەی (٢) لابردرێت، بەبێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات، چونکە کۆپیکراوە. لە بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، لە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆزدا دەبێتە (لادان)، لە (GB)دا، دەبێتە (شوێنپێ) یان (PRO)، لە (MP)دا، دەبێتە (کۆپی) هێڵکاریی درەختیی(MP) جیاوازە لەگەڵ هێڵکاریی درەختیی (GB). چۆمسکی لە پرۆگرامی مینیماڵدا گیرەکەکان، لە فریزە ناوییەکان جیادەکاتەوە و جێناوی ڕێککەوتنیش بۆ هەمو ڕستەکە دەگەڕێنێتەوە، بەڵام کاتەکە تەنیا بۆ فریزە کردارییەکە دەگەڕێنێتەوە، بەڵام لە (GB)دا بە پێچەوانەوەیە. هێڵکاری لە درەختیی(MP)دا، بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

هێڵکاریی (٥): (کۆپیکردن لە (MP)دا ).




فۆڕمی فۆنەتیکی (PF) بریتییە: لە دەنگی خاڵی بەرکەوتنی سینتاکس و سیستەمی دەنگی/ نیشانەیە، واتە (سیستەمی درکاو_ هەستپێکراوەکان)ە ( Articulatory_ Percetual). (Boeckx, 2006: 204)، ئەمەش یەکێکە لە ئاستە گرنگەکانی مینیماڵ پرۆگرام کار لەسەر سیستەمی دەنگی دەکات، واتە دەربڕینی ئەو پێتانەی، کە چەمکەکەی (LF)ی پێدروست دەکەیت دەیهێنێت و دەریاندەبڕێت. ئەوە کاری فۆڕمی فۆنەتیکییە (PF)، پاساودانی سیماکانیش، لە (PF)دا نامێننەوە. ئەم ئاستەش کاتێک دروستدەبێت، کە کردەی شەقبون ڕودەدات، فۆڕمی (LF)و (PF )لەیەکتری جیادەکاتەوە لەهەر دەربڕینێکدا هەبن، دەبێت لە پشکنینەکەدا دەرچوبن ئینجا واتایان دەبێت. فۆڕمی فۆنەتیکیی، هەر وشەیەک لە چەند فۆنیمێک پێکهاتووە، فۆنیمەکان دیارن دو بزوێنیشیان لە دوای یەکدا نەهێناوە، نمونە (ژنەکە) (٣) نەبزوێن و (٢) بزوێن لەخۆدەگرێت. نوسین و درکاندن، واتا فۆڕمی فۆنەتیکی و فۆڕمی لۆجیکی دیاریدەکەن، هەمو شتەکانی ناو زمان هەمو بە جوڵان و لێکدانی فۆنیم دروستدەبن. نەخشەی سینتاکسی زمانی جگە لەوەی، کە لە سیستەمی هێمایی، کە بریتییە: لە ئاستەکانی نواندن، ئەوانیش فۆڕمی لۆجیکی و فۆڕمی فۆنەتیکی، کە تایبەتیە دەنگە واتاییەکان دیاریدەکەن، جگە لەمانە ئاستێکی دی هەبو ئەویش فەرهەنگ، سیستەمی کۆمپیوتەری، کە لە ڕوی تەواوی و کاریگەرییەوە پێویستە فۆڕمی فۆنەتیکی سێ مەرج دابین بکات. (الزناد، ٢٠١٠: ٥٥). مەرجەکانی فۆڕمی فۆنەتیکی (PF)، بریتین لەمانە خوارەوە:

١_ فۆڕمی فۆنەتیکی دەبێت پێکهاتەیی بێت، بەجۆرێک پەسەند بێت، چونکە لەهەر زمانێکی سروشتیدا، نواندنی فۆنەتیکی بۆ هەمو دەربڕینێکی زمانی شیاوە.

٢_ پێویستە هاوبەشییەک هەبێت، واتە ڕەگەزەکان لە سیستەمەی هەستی جوڵانەوەییدا لێکدانەوەیان هەبێت، واتە دەکرێت ئەو تایبەتییانە بۆ درکاو بگوازنەوە بەهۆی درکاوی ماسولکەیی.

٣_ دەبێت گشتگیر بێت، واتە لێکدانەوەی هەستیی جوڵانەوەییەکە، گشتگیر بێت بۆ هەمو زمانەکان، جگە لەوە، بەشێوەیەک لە سیستەمی زمانیدا پشت بە هەمو تایبەتییە دەنگییەکان ببەستن. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ١٠٨).

## ٢_٢: تیۆری کۆپیکردنی جوڵانەوە لەلایەن PF و Copy Theory of) :LF Movement by PF and LF)

بە پێی تیۆری کۆپی، هەمو کۆپییەکان دەبێت لە نواندنەکاندا هەبن، تا ئەو کاتەی بە پێی مەرجەکانی دەرکردە (out_put conditions)، پێویستە کرداری سڕینەوە (deletion)ی بەسەردا جێبەجێبێت. جوڵان لە پێش شەقبوندا کۆپییەکەی دەسڕدرێتەوە، هەر بۆیە لە کاتی گەیشتنی بە نواندنی PFدا دەرنابڕرێت، بەڵام لە LFدا کۆپییەکە دەمێنێتەوە، تا ڕاڤەی بۆ بکرێت (قادر، ٢٠١١: ٨٣). کاتێک دەگاتە PF لەوێدا دەرنابڕدرێت، چونکە یەکێک لە دو کۆپییەکە لە PFدا دەردەبڕدرێتەوە لە ڕوی چەند تایبەتییەکدا یاساکانی سڕینەوە، کە بەسەریاندا جێبەجێدەکرێت. لەو ئاستەدا کۆپییە سڕاوەکە بەلایەنی کەمەوە لە کۆپی خوارەوە لە شوێنی بنەڕەتییەکەیدا هەرچەندە لە LFدا هەر دو کۆپییەکە لەسەر بنەمای ئەوەی هەردوکیان لە لێکدانەوەدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. (Ouhalla, 1999: 416)، بە پێی تیۆری کۆپی نواندنی LF و PF بەمشێوەیە:

14_ LF a: [Which pen] did max buy [Which book].

PF a: [Which pen] did max buy.

لە نمونەی (a)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە ئاستی (LF)دا کەرەستە جوڵاوەکە لە شوێنەکەیدا دەمێنێتەوە، چونکە ڕۆڵی گرنگیی لە شیکردنەوەدا دەبێت و لە نمونەی (b)دا دەردەکەوێت، کە لە ئاستی (PF)دا کەرەستە جوڵاوەکە، کۆپییەکەی لە ئاستی نزمتردایە، بۆیە دەسڕدرێتەوە.

LF أ: قەڵەمەکە، من [قەڵەمەکە] کڕیم.

PF ب: قەڵەمەکە، من کڕیم.

لە ئاستی (LF)ی (أ)دا لە ئەنجامی جوڵانی قەڵەمەکەوە لە سەرەتای ڕستەدا، کۆپییەکەی جێهێشتووە و لە ئاستی (LF)دا، کۆپی قەڵەمەکە لە شوێنە بنەڕەتییەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە بە مەبەستی شیکردنەوە، چونکە لە ئاستی (LF)دا، دەبێت، هەمو گۆڕانکارییەکان و کەرەستەکان بونیان هەیە، بۆ ئەوەی ڕێسای شیکردنەوەی تەواو بەدەستبهێنێت، بەڵام لە (ب)دا، کۆپی کەرەستە جوڵاوەکە دەسڕدرێتەوە. ئەو کەرەستەیەی، کە دەجوڵێت بۆ پاساودانی سیماکان کۆپییەک بەجێدەهێڵێت ئەو کاتەی، کە لێکچون لە نێوان سیمکاندا هەبو ئەوەی، کە بەرز دەبێتەوە ئەو سیمایانە (PRO) ن لەگەڵ هی ئامانجەکە، ئەگەر سیماکان یەکبون ئەوا، ئەو کەرەستەیە لادەبرێت بەڵام کەرەستە سەرەکییەکە لە (LF)دا، دەمێننەوە بەڵام لە (PF)دا، هی کۆپییەکە دەمێننەوە، واتە دوای بۆ پاساودانی سیماکان لادەدرێن. ( Ouahalla, 1999: 416).

### ٢_٣: دەرکەوتنی فرەکۆپییەکان (Appearunce of Multiple Copies):

تیۆری کۆپی جوڵە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا، بەهۆی کاریگەریی لەسەر (PF)ەوە وا دەکات، کە ڕێگە بە بەدیهێنانی زیاتر لە کۆپییەک لە یەک ڕستەدا بدات. (Corver, Nunes, 2007: 78)، واتە دەکرێت زیاتر لە کۆپییەک دەربکەوێت. لە (MP)دا، بەهۆی جوڵەی دانە فەرهەنگییەکانەوە لە سینتاکسدا ڕێگە بە دروستبونی ڕستەی ئاڵۆز دەدات، بەڵام بەو مەرجەی، لە ڕوی ئەرک و واتاوە تەواوبێت. (Uriagereka, 1997: 115)، ئەم فرەکۆپییە لە ڕستەدا دەبێتە هۆی دروستبونی ڕستەی ئاڵۆز و لێکدراو لە ڕاستیدا، (کۆپیکردن) زیاتر لە ڕستەی ناسادەدا بەدەردەکەوێت بە بەراورد لە ڕستەی سادەدا، واتە ڕستەی ناسادە بە یارمەتیی فرەکۆپییەکان دروستدەبێت. ئەم کۆپیکردنەش دەبێتەهۆی ئاڵۆزی لە ڕوی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس)ەوە. (Boeckx, 2011: 14_15)، کاتێک هەمو کەرەستەکانی ڕستەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت دەجوڵێن و کۆپیدەکرێن، ئەم جوڵانەیان هەمو بەیەکەوە، دەبێتەهۆی دروستکردنی جوڵەی هاوتەریب، هۆکاری سەرەکیی دروستکردنی فرەکۆپییەکان بۆ جوڵەی هاوتەریبی کەرەستەکان دەگەڕێتەوە، ئەم جوڵانەی کەرەستەکان بە چەند هەنگاوێک ئەنجامدەدرێن، دەبێتەهۆی کۆپیکردنیان لە ڕستەی ناسادەدا. (Uriagereka, 1997: 120_122)، بەهۆی جوڵانەوەی زیاتر لە کەرەستەیەک و کۆپیکردنیان دەبنە هۆی دروستبونی (فرەکۆپییەکان). واتە دەکرێت لە ڕستەیەکدا هەر یەک، لەو کەرەستانە (بکەر، بەرکار، دیارخەر، هاوەڵناو، بەرکاری بەیاریدە، هاوەڵکردار، تەواوکەر، کردار) بجوڵێن و زیاتر لە جارێک کۆپیبکرێن، بەڵام ئەم کۆپیکردنە دەبێت بە وریاییەوە ئەنجامبدرێت و لەخۆوە نەبێت. (Nunes, 2004: 4),(Belltti, 2004: 116), (Boeckx, 2011: 13_14)، ئەم کۆپیکردنەی کردار، لە یەک ڕستەدا دەکرێت، بۆ مەبەستێک بەکاربێت، کە بریتییە: لە ڕێزگرتن لە کەسانی بەرامبەر. (Corver, Nunes, 2007: 79)، کۆپیکردنی ئەم کەرەستانەش لە ڕستەیەکدا، بە چەند ڕێگایەکی جیاواز دیاریدەکرێن، کە بریتین لەمانە خوارەوە:

**یەکەم:** دەکرێت لە کەرەستەیەک زیاتر لە ڕستەیەکدا کۆپیبکرێن، واتە دو کەرەستە کۆپیبکرێت، ئەمجۆرە کۆپیکردنە بە چەند شێوازێکی جیاواز بەدیاردەکەون. شێوازەکانیش بریتین لەمانە خوارەوە:

١_ بکەر، بەرکار.

من نەمامەکەم ڕواند و {~~من نەمامەکەم~~} ئاودا. (ڕ. لێکدراو)

٢_ بەرکار، کردار.

ایلاف شیرینی دروستدەکات، هەروەها ئاڤانیش {~~شیرینی دروستدەکات~~}. (ڕ. لێکدراو)

٣_ دیارخەر (هاوەڵناو)، بکەر.

هەر دو منداڵەکە بەیەکدەچن، چونکە {~~هەر دو منداڵەکە~~} جمکن. (ڕ.لێکدراو)

٤_ بکەر، بەرکاری بەیاریدە (تەواوکەر).

هێمن دوێنێ گوێی لە گۆرانی نەگرت، بەڵام {~~هێمن~~} ئەمڕۆ گوێ {~~لە گۆرانی~~} دەگرێت. (ڕ.لێکدراو)

٥_ هاوەڵکردار، کردار.

کە هاتم بۆ زانکۆ، {~~کە هاتم بۆ زانکۆ~~} باران دەباری. (ڕ.ئاڵۆز)

٦_ بکەر، دیارخەری بەرکار.

من ئەو کتێبەی، کە {~~ئەو کتێبە~~} دەیخوێنمەوە، {~~ئەو کتێبە~~} لەبازاڕ دەستناکەوێت، {~~ئەو کتێبەی دەیخوێنمەوە~~}. (ڕ. ئاڵۆز)

**دووەم:** لە ڕستەیەکدا دەکرێت زیاتر لە دو کەرەستە کۆپیبکرێت. ئەم کۆپیکردنەش بە چەند شێوازێکی جیاواز دەبێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١_ هاوەڵکردار، بەرکار، کردار.

گوێم لە دەنگی ئەو کەوانە، {~~کە لەسەر شاخەکە دەیانخوێند~~} گرتبو، کە لەسەر شاخەکەوە دەیانخوێند. (ڕ.ئاڵۆز)

٢_ پارستەی دیارخەری (بکەر، بەرکار، کردار).

تۆ جلەکانی منت بەجوانی نەدوری، چونکە {~~تۆ جلەکانی منت~~ بەخێرایی} دوریت. (ڕ.ئاڵۆز)

**سێیەم:** دەکرێت لە سێ کەرەستە زیاتر لە ڕستەیەکدا کۆپیبکرێت، ئەمجۆرە کۆپیکردنەش وەک:

١_ هاوەڵناو، بەرکاری بەیاریدە، تەواوکەر، کردار.

ماڵی مامم هەمویان بە پاس بۆ سەیران دەچن هەروەها ئێمەش {~~هەمومان بە پاس بۆ سەیران دەچین~~}.

ئەگەر سەیری نمونەکانی سەرەوەبکەین، ئەو کەرەستانەی، کە هێڵیان بەژێردا هاتووە، کردەی کۆپیکردنیان بەسەردا جێبەجێکراوە، چونکە ئەو کەرەستانەی، لە ئاستی (LF)دا بەهۆی جوڵانی ئەو کەرەستانەی، کە هێڵیان بەژێردا هاتووە، بۆ پێشەوە کۆپییەکیان بەجێهێشتووە، کە لە (LF)دا کۆپییەکان لە شوێنی بنچینەی خۆیان دەمێننەوە بۆ مەبەستی ڕاڤەکردن چونکە لە ئاستی (LF)دا، هەمو کەرەستە گۆڕانکارییەکان دەبێت بونیان هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێسای لێکدانەوەی پڕاوپڕ ڕازیبکات، بەڵام لە کۆتاباڕ یان لە (PF )دا، کۆپی کەرەستە جوڵاوەکە دەسڕدرێتەوە.

تیۆری کۆپی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی تیۆری جوڵە، بۆ تێگەیشتن لە دیاردە زمانەوانییەکان جەخت، لەوە دەکاتەوە، کە چەندین کۆپی لە ئەنجامی وەرگرتنیان لە سینتاکسدا دروستدەبن.

### ٢_٤: ڕیزبونی ئازاد و تیۆری کۆپیکردن لە جوڵاندندا (Free word oder and the theory of copying in motion):

ڕیزبونی ئازاد بریتییە: لەو سیستەمە ڕیزبونەی وشەکان لەناو ڕستەدا، بە چەند شێوازێکی جیاواز بە دەردەکەون. (علی، ١٩٨٨: ١٠)، واتە پێش جوڵان چۆنیەتیی ڕیزبونی کەرەستەکان، ڕۆڵ و گرنگیی تایبەتی خۆیان هەیە، کە بە چ جۆرە ڕیزبونێک ڕیزبونە، تاوەکو بەشێوەی ئەم ڕیزبونەیان بجوڵێن و کردەی کۆپیکردنیان بەسەردا جێبەجێبکرێت. ئەمەش بەهۆی ئەو کەرەستانەوە دەبێت، شێوەیەکی ئازاد و بزێو شوێنی خۆیان دەگۆڕن، بەبێ ئەوەی کار لە ئەرکی ڕێزمانیی و واتایی ڕستەکە بکەن. (برزۆ، ٢٠١١: ١٠١). واتە هەر گۆڕانێک لە پێش و پاشی ڕیزبونی کەرەستەکاندا ڕوبدات نابنە هۆی گۆڕانی ئەرک و واتای ڕستەکان. لە ڕیزبونی ئازادا، ئەو گۆڕانکارییەی، کە بەهۆی جوڵەوە ڕودەدات، ئەم جوڵانەش لە ئەنجامی میکانیزمی سڕینەوەی (PF)ەوەیە، کە ڕۆڵی لە دیاریکردنی ڕیزبونی ئەم وشانە هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (PF) بەرزترین کۆپی وشەکان دیاری دەکات. (Corver, Nunes, 2007: 219)، وشەکان ئازادن لە جوڵاندا، بە هەمان شێوە فریزەکانیش دەجوڵێن، ڕۆڵی گرنگییان هەیە لە ڕستەدا چونکە، پێگەی ڕستە دیاری دەکات، بۆیە کاتێک فریزەکان دەجوڵێن بۆ سەرەتای یان کۆتایی ڕستە، کۆپییەک لە دوای خۆی

بەجێدەهێڵێت، بەو مەرجەی ئەو جوڵاندنە نەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرک و واتایی ڕستەکە. (Deming, Helong, 2024: 95). نمونە بۆ ئەم ڕیزبونە وەک:

١٥__ أ: خوشکەکەم ئەم کراسەی کڕی. ڕستەی ئاسایی

ب: {ئەم کراسە}، خوشکەکەم {~~ئەم کراسە~~}ی کڕی. ڕستەی کۆپیکراو

لە نمونەی (١٥)دا ڕستەکە لە بارێکی ئاسایی و ڕیزبونێکی ئازادادایە، بەڵام لە نمونەی (١٥)دا فرێزە دیارخەرییەکە (ئەم کراسە)یە جوڵاوە بۆ سەرەتای ڕستەکە، ئەم جوڵانەی فرێزەش کۆپییەکی لە دوای خۆی بەجێهێشتوو.

### ٢__٢: کردەی جوڵان لە (MP)دا ( The act of Moving in (MP)):

ئەو کردەیە لە تیۆری (GB)دا گرنگییەکی تایبەتی هەبو، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبونی (شوێنپێ)، بە هەمانشێوە لە (MP)یشدا، گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستبونی (کۆپی). ئەوەی تا ئێستا، کە باسمان لە جوڵان کردبێت تەنیا، جوڵانی (وشەکان) بون، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لە جوڵانی (ڕستە)یە، ئایا ئەو جوڵەیە بەجێگیری دەمێنێتەوە، یان بەردەوام دەبێت؟ بێگومان جوڵاندنی ڕستە دەبێتەهۆی بەجێهێشتنی جوتێک، کەرەستە، کە بریتین: لە (شوێنپێ)، (کۆپی)، فۆرمی لۆژیکی لە حاڵەتی جوڵەی ئاشکرادا، لە بەردەستی دەمێنێتەوە. (Nenes, 2004: 87). کردەی جوڵان لەم بابەتەدا جیاوازە ، کە کردەی جوڵان، لە جوڵانی (a)دا بەسەر کەرەستەیەکدا جێبەجێدەکرێت (a) تەنها سیما مۆرفۆلۆجییەکانی خودی (a) بەشێوەیەکی پڕ/ ڕاپی نەکرابێت. (Chomsky, 1995: 201) کردەی جوڵان لە بنەمای (چاوتێرنەبون)دا باسدەکرێت، کە جوڵانە چاوتێرنەبونەکان بە کردەی جوڵان دانانرێن. کردەی جوڵان دەکرێت بۆ هەر ڕەگەزێکی (a) بەکاربهێنرێت، ئەگەر تایبەتییە مۆرفۆلۆجییەکانی (a) بە پیچەوانەوە پەیڕەو نەکرابن. هەرچەندە ناتوانرێت، ئەو کردەیە لە (a)دا، بۆ هەندێک ڕەگەزی جیاوازی ($\beta$) ئەنجامبدرێت، بۆ پەیڕەوکردنی داواکارییە مۆرفۆلۆجییەکانی خۆی. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٢١٥)، ئەم کردەی جوڵانەوەدەبێتە هۆی جوڵانی سیماکان.

### ٢__٢__٢: لە جوڵانی سیماکانەوە بۆ ڕاکێشانی سیماکان ( From moving features to attracting features):

ئەم جوڵانەی سیماکان، پەیوەندیی بە ڕێککەوتنەوە هەیە، کە دۆخ و ڕێککەوتن کاردەکەن، سیماماکانیش بریتین لە: (دۆخ، ڕەگەز، کەس، ژمارە، ڕێککەوتن...هتد). هەمو ئەمانە دەگرێتەوە تایبەتمەندی سیماکان پێش جوڵانەکە دیاریدەکرێت، نمونە سیمای (کەس، ژمارە) لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە دیاریکراوە، سیمای (کەس، ژمارە)کان دەچنە ناو سینتاکسەوە، بەڵام (دۆخ)ەکان، سیمایان پێنەدراوە، ناچنە ناو سینتاکسەوە. (Radford, 2009: 284)، جوڵانی سیماکان بۆ پاساودانی سیمای کەرەستەکانی ناو ڕستەیە. ئەم جوڵانە لەناو (LF)دا ڕودەدات، مەبەستمان لە جوڵانی شاراوەیە (Coveret Movement)،کە لەوێدا بۆ پاساودانی سیماکانیان بەرزدەبێتەوە، ئەگەر گونجاو بو بەرزبونەوەیەکی سەرکەوتو دەبێت سیماکانی وەکو سیمای سەرەکانیان دەبێت. بۆ نمونە دەربڕینی (١٦)مان هەیە لە هەندێک بەندی دارشتنەکەدا، لەکاتێکدا قاڵبی (T) سیمایەکی (N)ی هەیە (سیمای دۆخ) بۆ بەتاڵکردنەوە، داوای هەندێ ڕەگەز دەکات، لە شوێنی قاڵبی بکەرەکە بێت:

(16) a. seems to [a a strange man] [that it is raining outside].

b. [a a strange man] i seems to ti [that it is raining outside].

لەم نمونەیەی سەرەوەدا، جوڵانەوەی (a) بەرەو شوێنی قاڵبی بکەرەکە، بۆ ئەوەیە داواکاریی (T) پەیڕەو بکات. گریمان، کە (a)، (strange man) بەرەو شوێنی قاڵبی بەرزدەبێتەوە بۆ نیشانەکردنی سیمای دۆخەکەی، لە شوێنی قاڵبی بکەردا، هەرچەندە ئەم جوڵانەوەیە هیچ داواکارییەکی مۆرفۆلۆجی لەم ناوەدا پەیڕەوناکات. (ڕەسوڵ. ٢٠١٤: ٢١٥__ ٢١٦)، چۆمسکی پێشنیازی ئەوە دەکات، کە سیماکانی دۆخ و ڕێککەوتن لە سینتاکسی شاراوەدا، سیماکانی_wh کۆپیی هاوبەش و هاوشێوەی وەردەگرن، کە بەهۆی ئەمەشەوە دۆخەکە بەهێزدەکات. (Pettiword, 2017: 133).

### ٢__٢__٣: جوڵانی شاراوە (Coveret Movement):

سیستەمی کۆمپیوتەری لە (MP)دا، بە تایبەتی لەو شوێنانەی، کە بە زمانی سادەدا دەردەکەوێت، بەڵام سینتاکسە ئاڵۆزییەکان دەشارێتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی بە ڕۆنانی کەرەستەکانەوە هەیە، کە بە ئاشکرا بەدیهێنراون، بەڵام بۆ لێکدانەوەی، واتایی سینتاکسی ڕستەکان زۆر گرنگن، ئەمەش دیاردەکانی، وەک سینتاکسی شاراوە لە (LF)دا دەگرێتەوە. چەمکی سینتاکسی شاراوە، بابەتێکی گرنگە لە (MP)دا، بە تایبەتی سەبارەت بە ئابوری و وەرگرتن و ڕوکاری نێوان سینتاکس و سیمانتیک. لە چاوچێوەی (MP)دا، سینتاکسی شاراوە ئاماژەیە بۆ کاری سینتاکسی، کە کاریگەرییان لەسەر (LF)ی ڕستەیەک هەیە، بەبێ ئەوەی (PF) بگۆڕن، ئەمەش بەو واتایەیە، کە هەندێک کەرەستە لە ئاستی سینتاکسی ئەبستراکتدا دەجوڵێت بۆ پڕکردنی پێداویستییە لێکدانەوەکان. (Chomsky, 1995: 232__233)، چۆمسکی لە ساڵی (١٩٩٣)دا، پێشنیازی کرد، کە سینتاکسی شاراوە تەنیا سیما فەرمییەکان بگرێتەوە نەک پێکهاتە سینتاکسییەکان. (Bošković, 2013: 2)، ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ بنەمای ئابوریی (MP)دا، هاوتەرییە، لە جیاوازیی نێوان سینتاکسی شاراوە و ئاشکرا لەناو پێکهاتەی سینتاکسیدا دەکۆڵێتەوە، بە تایبەت چۆمسکی ورد دەبێتەوە لەوەی، کە هەندێک کردەی سینتاکسی کاریگەرییان لەسەر ناوەندی (LF)ە لە چوارچێوەی مینماڵ پڕۆگرامە. (Chomsky, 1995: 168 __169).

### ٢__٢__٤: جوڵان و بنەمای ئابوریکردن ( Movement and the Principle of Economizicition):

چۆمسکی لە تیۆرەکانی ڕابردودا، تا ڕادەیەک بنەمای ئابوریکردنی پشتگوێ خستبو، بەڵام لە (MP)دا، ئەم کەموکوڕییەی خۆی ڕاستکردەوە. (Graf, 2007: 12)، واتە ئەو بنەمایە لە پێش سەرهەڵدانی (MP)دا بونی هەبووە، بەڵام لە (MP)دا بە یەکێک لە بنەما گرنگەکان دادەنرێت، کە لە کتێبی (ئابوریکردن لەسەر نواندنی ڕۆنانەکان) لە ساڵی (١٩٩١)دا، گەشەی بەلایەنی ئابوریی زمان داوە، چۆمسکی تێبینیی ئەوەی کرد، کە دروستە زمانییەکان، پێویستە، هەتا دەکرێت ئابورییانە بێت لە (MP)دا. (قادر، ٢٠١١: ٩٨). ئەم بابەتەی هۆکاری سەرهەڵدان، بۆ جوڵانی کەرەستەکان لە ڕستەدا دەگەڕێتەوە، کاتێک دەجوڵێن لە دوای خۆیاندا کۆپییەک بەجێدەهێڵن، لەگەڵ جوڵاندنەکە ناهاوسەنگییەک لە ڕستەکەدا دروستدەبێت، بەهۆی ئەو ناهاوسەنگییەی ڕستەوە، بابەتی ئابوریکردن سەریهەڵداوە. ( Baltin, Collins, 2001: 67). چۆمسکی لە (MP)دا ئاماژە بەوەدەکات، کە جوڵەی سینتاکسیی شاراوە لە جوڵەی سینتاکسیی ئاشکرا ئابوریترە، واتە جوڵەی سینتاکسی شاراوە باشترە لە جوڵەی سیتاکسی ئاشکرا. (Bošković, 2013: 14)، بنەماکانی ئابوریکردن ئەو بنەمایانەیە، کە چۆمسکی لە (MP) زۆر باسی لێوەدەکات، یەکێکن لە بنەما زۆر گرنگەکان لە (MP)دا گفتوگۆی زۆری لەسەرکراوە، یەکێک بون لە سەرچاوەکانی

سەرکەوتنی (MP). لە (MP)دا چەندین بنەمای ئابوری وەک ئامرازێک و هەڵسەنگاندنی وەرگیراوەکان دەناسرێن، بنەماکانی ئابوریی بریتین لەمانەی خوارەوە:

**٢_٢_٤_١: دواخستن (Procrastinate):**

جۆرێکە لە بنەمای کاتی، کە دەڵێت جوڵان، تا چەند شیاوبێت، لە دارێژراوەکەوەدا درەنگ ڕوودەدات بەمە دەگوترێت دواخستن. (Razagh, Rahavard, Sadighi, 2015: 2)، واتە دواخستن، ناچارکردنی سیستەمە کۆمپیوتەرییەکەی زمانی مرۆڤە، لەوەی، کە کردنی شتێک (لێرەدا مەبەست لە جوڵاندنە)، دوابخات هەتا ئەو کاتەی، کە پێویست دەبێت ئەنجامبدرێت. (قادر، ٢٠١١: ٩٩)، لەم یاسایەدا چۆمسکی دەڵێت، هەتا بکرێت ئەو شتانە (جوڵانە) بخرێنە کۆتایی لە (MP)دا، پێیان دەڵێت، ڕستەکان و یاساکان باشتر دەردەچن ، هەڵە نابن. دواخستن پێشنیازی ئەوە دەکات، هەموو جوڵانەکان پاش شەقبون ڕوودەدەن، ئەو بنەمایە، کە لە دوای شەقبون ئەنجامدەدرێن، لە ڕێگای (LF)ەوە بەڕێوەدەبردرێن. (Razagh, Rahavard, Sadighi, 2015: 2_3)، جوڵانەوەیی شاراوە تێچوی کەمترە، بەگوێرەی ئەم بنەمایە، جوڵانەوەی ئاشکرا ڕێگای پێنادرێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر وانەبێت دارشتەکە تێکدەشکێت، ڕستە لە هەندێ ئاستی هاوبەشی (PF, LF) تێکدەشکێ. (Baltin, Collins, 2001: 55).

**٢_٢_٤_٢: چاوتێرنەبون (Greed):**

ئەم بنەمایە ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە پێویستە پێکهاتە بۆ پەیڕەوکردنی داواکارییەکانی خۆی بجوڵێت: نابێت بۆ پەیڕەوکردنی داواکارییەکانی پێکهاتەیەک، یان بۆ ئامانجێکی دی بجوڵێتەوە. (Deham, 1997: 15)، ئەم بنەمایە هەر وەک (بنەمای مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن)، بنەمایەکی گشتی نییە. (یعلوی، الملاخ، ٢٠١٧: ١٨٤)، لەو بنەمایەدا پێکهاتەیەک بۆ پاساودان سیماکانی خۆی دەجوڵێتەوە، ئەمە واتای ئەوەیە، کە پێکهاتە نابێت، بجوڵێتەوە بۆ پەیڕەوکردنی پێویستییەکانی پێکهاتەیەکی دی، واتە جوڵانی (a) بەرەو هەر ڕەگەزێکی (a) ئەنجام دەدرێت ئەگەر تایبەتیە مۆرفۆلۆجیەکانی (a)ی خۆی پەیڕەوی بکات. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٢١٤). بۆ نمونە لەم ڕۆنانەی خوارەوە، جوڵاندنی (DP) (تەزرە) پێویست نییە.

٥٩_ أ. تەزرە پێدەچێ کە [TP نەخۆش بێت.]

ب. پێدەچێت، کە تەزرە نەخۆش بێت.

پرسیارەکە ئەمەیە، ئایا بۆچی (تەزرە) لە شوێنی بکەرە چەسپاوەکەوە، بەرزنابێتەوە بۆ شوێنی قاڵبی بکەرەکە؟ بە پێی بۆچونی چۆمسکی، ئەمە لەلایەن بنەمای (چاوتێرنەبون)ەوە، ڕێی لێدەگیرێت. کاتێ ئەو داواکارییەی بەرزدەبێتەوە، کە سیمای دۆخەکەی (تەزرە) پێش ئەوە پاساو درابێت. (Baltin, Collins, 2001: 49). ناپۆلی تێبینی ئەوە دەکات، کە دواخستن و چاوتێرنەبون هەردوکیان پێویستن، چونکە بەهۆی هەردوکیانەوە لەبارەی چارەی دارشتنەکان هەڵدەبژێردرێن. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٢١٤).

**٢_٢_٤_٣: دوایین پەناگە (Last Resort):**

یەکێکە لەو بوارە سەرکەوتوانەی، پەیوەندیی بە بچوکترین پرۆگرامەوە هەیە، وادەکات بە ناچاری (The Driving Force) جوڵانەوەی سینتاکسی بگرێتە خۆ. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ١٩٦).لە چوارچێوەی (MP)دا، گفتوگۆکردن دەربارەی دوایین پەناگە بەزۆری لەسەر جوڵەوە بووە، چۆمسکی لە (MP)دا دوبارە گەشە دەدات بە بیرۆکەی دوایین پەناگە، بەمشێوەیە دەیناسێنێت: هەنگاوێکە لە دارێژراوەکەدا ڕێی پێدەدرێت، تەنها لە حاڵەتێکدا ڕەوایە، کە پێویست بێت بۆ پێگەیشتن بە خاڵی نزیکبونەوە. (Baltin, Collins, 2001: 49).

**٢_٢_٤_٤: کەمترین وزە (Least Effect):**

یەکێک لە بنەما گرنگەکان لە (MP)دا، ئەوەیە، کە کەمترین بڕی جوڵە لەخۆدەگرێت. (Crystal. 2008: 272)، واتە بۆ دەستکەوتنی بنەمای کەمترین وزە دەبێت کەرەستەکان لە ڕستەدا لابدەن، بەتایبەتی ئەو کەرەستانەی، کە زیاد و لاوەکین لە ڕستەدا داوای ئەوە دەکات، دارێژراوەکان کەمترین تێچویان هەبێت. (Chomsky, 1995: 145)، واتە بە کەمترین وزە، زۆرترین واتا بدات بەدەستەوە.

**٢_٢_٤_٥: مەرجی کەمترین پێکەوەبەستن (MLC/ Minimal Link Condition):**

کەمترین مەرجی پێکەوەبەستن (MLC) ڕۆڵێکی زۆر گرنگیی لە دارێژراوەکاندا هەیە بۆ گەیشتن بە ئاستی (LF). (قادر، ٢٠١١: ١٠٢)، پێویستە، کە ((کورترین جوڵانەوە)) (Kitahara, 1997: 27)، لەلایەن کەرەستەکانەوە ئەنجامبدرێن. واتە مەبەست ئەوەیە، کە کەرەستەیەک دەجوڵێت، پێویستە ئەو جوڵانەوەیە بەشێوەیەک بێت، ئەو ڕۆنانە نەبێتە هۆی تێکشکان، کە دەخرێتەپاڵ کەرەستەیەکی دی، نزیکترین جوڵانی تێدابێت. ئەگەر جوڵانەکە زۆر بو، بەسەر کەرەستەکان بازیدا، دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ڕۆنانەکە، ئەمجۆرەش زیاتر بەرزکردنەوەی وشەی (پرس)ە لە (CP)دا، کە ئەمەش لە ئامانجەکە نزیکتر دەبێتەوە، کە لە پارستەکەدایە. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٢٢٠)، واتە نزیکترین ئامانجی پارستەکەیە (CP)، لەگەڵ دیارخەرێک، کە وشە (پرس)ەکەیە بە پێی بۆچونی چۆمسکی (MLC) لە هەردو دارشتنەکەدا ڕێگەی لێدەگرێ.

**٢_٢_٤_٦: داخوازیی کورترین دارێژراو (Short Derivation Requirment):**

ئەم بنەمایە، ژمارەی هەنگاوەکانی دارێژراوەکان کورتدەکاتەوە، بۆیە پێیدەوترێت (داخوازیی کورترین دارێژراو). کە دەبێت هەندێک ڕێگە هەبێت، کە دارێژراوەکان پێی بەراوردبکرێن. (Baltin, Collins, 2001: 52_53)، واتە کام لە دارێژراوەکە، کەمترین چالاکیی بە پەسندتر دادەنرێت، لەو دارێژراوەی، کە بەکەمترین هەنگاو لەسەر مەرجی تیۆرەکە دروستدەبێت و سەردەکەوێت. (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٢٢٩).

## ئەنجام

1. شوێنپێ لە ئاستی ژێرەوە بەدەرناکەوێت، بەڵکو لە ئاستی سەرەوەی ڕستەدا بەهۆی جوڵەی ئەلفاوە (a) بەرهەمدێت، کە فریزی گوێزراوە لەگەڵ ئەو شوێنپێیەی، کە بەجێدەهێڵێت، ڕیزبونێکی دو سەر پێکدێت، کە بەرزەکە، (DP) و نزمەکەش شوێنپێیە. هەروەها کردەی جوڵانیش چالاکبونی کەرەستەیەکی ڕستەیە، کە وایکردووە شوێنپێیەک لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت، کە کەتیگۆرییەکی بەتاڵە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە، بەڵام لە ڕوی سینتاکسییەوە چالاکە.
2. کۆپیکردن لە ئەنجامی جوڵەوە لە (MP)دا ڕوودەدات، کەرەستە دوبارەبووەکان لە ڕستە ناسادەکاندا نانوسرێنەوە، کە لە (GB)دا پێیدەگوترێت شوێنپێ، لە

(MP)دا دەتوانێ کۆپییەک لە شوێنی خۆی دابنێتەوە و دەکرێت کۆپییەکانیش بکرتێنرێن.

3. جوڵان لە (GB)دا پەیوەستکراوە بە دۆخی ڕێزمانییەوە، بەڵام لە (MP)دا سنوردار نییە، بە دۆخی ڕێزمانییەوە، کە جوڵانەکە ئازادن، بەڵکو جوڵان بەستراوەتەوە بە پاساودانی سیماکانەوە جوڵانەکان ئازاد نین. سیماکانی (دۆخ، کات، ژمارە، ڕێککەوتن، کەس..هتد.) کە بەستراونەتەوە بە سیمای بەهێزەوە، کە دەبێت پێش شەقبون لە جوڵەی ئاشکرادا پاساوبدرێن، ئەگەر نا ڕۆنانەکە تێکدەشکێت، سیمای بەهێز لەسەرەتای پێکهێنانی فرێزدا پێویستە یەکسەر لابردرێت.

4. ئەو کۆپییەی دەکەوێتە، بەرزترین شوێن، بۆ پاساودانی سیماکان لە (LF)دا دەمێنێتەوە، بەڵام لە (PF)دا نامێنێتەوە. کاتێک سیماکان هاوبەش دەبن و دەبنەوە سفر، ئەو پاساودانەکانە هەر کۆپییەکان لە پێش کردەی شەقبوندا لە ڕۆنانەکاندا دەبێ هەبن، بەڵام کاتێک دەکاتە، (PF) یەکێک لە کۆپییەکان دەردەبڕدرێتەوە بە پێی، چەند یاسایەکی تایبەتی سڕینەوە، کە بەسەریاندا جێبەجێدەکرێت، کۆپییە سڕاوەکە بەلایەنی کەمەوە لە کۆپی خوارەوەدا لە شوێنی بنەڕەتییەکەیدایە، کەرەستە جوڵاوەکە لە ئاستی (LF)دا لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە، چونکە ڕۆڵی گرنگیی لە شیکردنەوەدا دەبێت.

5. جوڵانی کەرەستە لە ڕستەدا کۆپییەک لەدوای خۆیدا بەجێدەهێڵێت، کە دەبێتە دروستبونی ناهاوسەنگی لە ڕستەکەدا، کە ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی بابەتی ئابوریکردنە. بۆیە جوڵەی سینتاکسیی شاراوە، بە ئابوریتر دادەنێت لە جوڵەی سینتاکسی ئاشکرا.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

#### کتێب:


برزو، ئومێد بەرزان، (٢٠١١)، دروستەی فرێزو ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی..

ڕەسول، سەڵاح حویز، (٢٠١٤)، پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

محمد، حاتەم ولیا، (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانەسینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهوک


#### نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:


علی، طالب حسین، (١٩٩٨)، هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

قادر، تارا موحسین، (٢٠٠٤)، جێناو لێکدانەوەیێکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

__________، (٢٠١١)، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

قادر، کاروان، عومەر، (٢٠١٠)، فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

قادر، ئاوات ساڵح، (٢٠١٥)، ڕێکەوتنی سینتاکسی لە زمانی کوردیی و فارسیدا، نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.


#### گۆڤار و ڕۆژنامە:


قادر، صباح ڕشید، (٢٠٠٩)، تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیی کوردی، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٤٢)، زانکۆی سەڵاحەدین/ هەولێر.

__________، (٢٠١٠)، تیۆری پاساودان (checking theory) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمی کوردیی، ژمارە (١٦)، هەولێر.


### بە زمانی عەرەبی:

#### کتێب:


الزناد، الأزهر، (٢٠١٠)، نظريات لسانية عرفنية ، دار محمد علي للنشر، الطبعة الأولى، عمارة زرقاء اليمامة ، تونس.

باقر، مرتضى جواد، (٢٠٠٢)، مقدمة في نظرية القواعد التوليدية، تبع الاول، دارالشروق.

بوقره، نعمان، (٢٠٠٩)، السانيات العامة اتجاهاتها وقضاياها الراهنة، الطبعه الأولى، عالم الكتب الحديث ، أردن__ أربد.

غلفان، مصطفى، (٢٠١٠)، بمشاركة أحمد الملاخ، حافظ إسماعيل علوي، السانيات التولدية، عالم الكتب الحديث، أربد__ أردن.


#### گۆڤار و ڕۆژنامە:


يعلوي، حافظ إسماعيل، امحمد الملاخ، (٢٠١٧)، البرنامج الأدوني: الأسس و الثواب، مجلة العلوم و الأجتماعية، العدد (٣١).


### بە زمانی ئینگلیزی:

#### کتێب:


Aitchison, Jean. (1999). Linguistics, 5th edition, Hodder and Stoughton London.

BELLETTI, ADRIANA. (2004), Structures and Beyond: The Cartography of Syntactic Structures, Volume 3, Oxford University Press, Inc.

Boeckx, Cedric. (2006), Linguistic Minimalism, Origins, Methods, and Aims, Oxford University Press.

Bošković, Željko. (2013), Principles & Parameters Theory and Minimalism, University of Connecticut.

Bussmann, Hadumod. (1998), Routledge Dictionary of Language and Linguistics. Translated and edited by G. Trauth and K. Kazzazi. London and New York: Routledge.

Carine, Andrew. (2006). Syntax: A generative Introduction, Second edition. Oxford: Blackwell.

Chomsky, Noam. (1982a), some Concepts and Consequences of the Theory of Government and Binding. Cambridge, Mass: MTT Press.

__________ (1986), Lectures on government and binding. The Pisa lectures, 4th edition Holland: Foris.

__________ (1994), Bare Phrase Structure. MIT Occasional Papers in Linguistics, 5. Also published in: Webelhuth, G. (ed.), 1995. Government and Binding Theory and the Minimalist Program. Oxford: Blackwell.

__________. (1995), The minimalist program. Cambridge Mass: Massachusetts institute of technology press.

Svenonius, Peter. (2021), 'Merge and features: The engine of syntax', in Allott, N.E., Lohndal, T. and Rey, G. (eds.) A Companion to Chomsky. Hoboken, NJ: John Wiley & Sons, pp. 140–157.

Trask, R (1993). A dictionary of grammatical Terms in linguistics, Routledge, London.

Ura, Hiroyuki, (2000), Checking theory and grammatical functions in universal grammar. Oxford: Oxford University press.

Uriagereka, Juan. (1997), Multiple Spell-Out, University of Maryland, College Park.

Van Valin, Roberto, D. JR (2004), An Introduction to syntax, Cambridge.

### نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

Andreu, Jordi Fortuny, Gallego, Angel J, (2009), The Minimalist Program and the concept of Universal Grammar, University of Groningen. Center for Language and Cognition Groningen and

Baltin, Mark, Collins, Chris, (2001), The Handbook of Contemporary Syntactic Theory Edited by, Article, Printed in Great Britain by T.J. International, Padstow, Cornwall.

__________. (2001), Derivation by phase. In M. Kenstowicz (Ed.), Ken Hale: A life in language (pp. 1–52). Cambridge, MA: MIT Press.

Cover, Norbert, Nunes, Jairo. (2007), The Copy Theory of Movement, John Benjamins the University of Sao Paula.

Crystal, A. (2008), A Dictionary of Linguistics & phonetics, sixth edition. Oxford, Blackwell.

Deham, Kristin. E. (1997), A MINIMALIST ACCOUNT OF OPTIONAL WH-MOVEMENT, A dissertation submitted in partial fulfillme. University of Washington.

Davies, w, and Dubinsky, s. (2004). the grammar of raising and control. a course in syntactic argumentation. Oxford.

Deming, M. & Helong, T. (2024), (eds.) (Year). The Development of Chomsky a Generative Grammar: From the Standard Theory to the Minimalist Program. Publisher.

Garrica, Julio Villa- Garci. (2019), Clitic climbing (or lack thereof) and the Copy Theory of Movement, University of Manchester, Department of Linguistics and English Language, Manchester, UK.

Graf, Thomas. (2007), DIPLOMARBEIT Titel der Diplomarbeit "From Vagueness to Disaster: On the Intricacies of Feature Checking".

Kitahara, Hisatsugu.(1997) Elementary Operations and Optimal Derivation , Massachusetts.

Newson, Mark. (2006), Basic English Syntax with Exercises. Budapest: Bölcsész Konzorcium.

Nunes, Jario Morais. (1995), THE COPY THEORY OF MOVEMENT ANDLINEARIZATION OF CHAINSIN THE MINIMALIST PROGRAM, Associate Professor, Department of Linguistics.

__________. (2004), Linearization of Chains and Sideward Movement. The MIT Press Cambridge, Massachusetts London, England.

Pettiward, Anna Margaret. (2017), Movement and Optionality in Syntax, University of London.

Ouhalla jamal. (1999), introducing transformational grammar, from principles and parameters to minimalism. new york: oxford.

Radford, ANDERW. (2004), Minimalist Syntax: Exploring the structure of English, Cambridge University Press, Cambridge.

________________. (2009) Analysing English Sentences: A Minimalist Approach. Cambridge: Cambridge University Press.

Razaghi, Maryam, Rahavard, Shahin, Sadighi, Firooz. (2015), Economy, Simplicity and Uniformity in Minimalist Syntax, International Journal on Studies in English Language and Literature (IJSELL), Volume 3, Issue 1.

Sells, Peter. (1985), LECTURES ON CONTEMPORARY SYNTACTIC THEORIES, printed in the united State.

SIMPSO, ANDRW. (1962), Wh-movements and the Theory of Feature Checking, SOAS university of London.